# ئایندەی جەزائیر بەرەو کوێ؟




**لەژێر فشاری خۆپیشاندەراندا کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بۆتەفلیقە هات**

الجزيرة.نت

اليوم السابع

**جەزائیر وڵاتێکی گەورە و گرنگە لە ڕووی ڕووبەری خاك و ژمارەی دانیشتوان، دەوڵەمەندە بە نەوت و غازی سروشتی و زەوی کشتوکاڵی. بوونی لەسەر دەریای ناوەڕاست و هەبوونی هێزێکی سوپای بەهێز و دەیان هۆکاری تری بەهێزبونی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا نیشان داوە. ڕووبەرەکەی 2381741 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، بەمەش دەبێتە دەهەمین وڵاتی جیهان لە گەورەیدا و یەکەمیش لەسەر ئاستی ئەفریقیا و وڵاتانی عەرەبی و دەریای ناوەڕاست. لە 48 ویلایەت و 1541 شارەوانی پێکدێت. داهاتی سەرەکی ئەو وڵاتە لە نەوت و غازی سروشتی پێکدێت. بە پێی ئاماری ڕێکخراوی ئۆپیك جەزائیر لە ڕیزبەندی 16 هەمین وڵاتدایە لە یەدەگی نەوت لەسەر ئاستی جیهان و دووەمیش لەسەر ئاستی ئەفریقیادا. داهاتی تاك ساڵانە بریتییە لە 7477 دۆلار. سیستەمی حوکمڕانی تێیدا نیمچە سیستمی سەرۆکایتیە و وڵاتێکی کۆماری و دیموکراسییە.**

بۆتەفلیقە بۆ یەکەم جار لە نیسانی ساڵی 1999دا هەڵبژێردرا بە سەرۆکی وڵات و لەو ماوەیەدا لە ناوخۆدا سیاسەتێکی پیادەکرد، کە چەندین کێشەی سیاسی و یاسایی تێیدا قوت بونەوە، لەهەمان ماوەدا ڕووبەڕووی ڕۆژنامەکان بوەوە و ئازادیەکانیشی بەرتەسک کردەوە. هەروەها چەندین کێشەی دارایی و گەندەڵی سەریانهەڵدا، وەک کێشەی بانکی خەلیفە و کارە گوماناویەکان سەبارەت بە پێدانی مۆڵەتی کارکردن بە کۆمپانیاکانی پەیوەندی و پێدانی وەزارەت و پۆستە حکومیەکان بەکەسە نزیکەکانی خۆی. لەهەمان کاتیشدا دەستیکرد بە چاکسازی لە بواری تەندروستی و پەروەردە و بواری دارای. هەوڵی زۆریشیدا بۆ گواستنەوە وڵات بەرەو بازاڕی ئازاد و بوژاندنەوەی ئابووری وڵات.

لە ماوەی سێیەم خولی سەرۆکایەتیەکەیدا، کە لە نیسانی 2009 دا ئەنجامدرا بە ڕێژەی 90.24% دەنگەکانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. کە دوای هەموارکردنەوەی دەستوور هەڵبژێردرایەوە، چونکە دەستووری وڵاتی جەزائیر تەنها بۆ دوو خول ڕێگەیەدەدا ببێتەوە بە سەرۆک. لە ماوەی خولی چوارەمی سەرۆکایەتیەکەیدا کە لە نیسانی 2014دا ئەنجامدرا، ئەمجارەشیان بە ڕێژەی 81.53% دەنگەکانی وەدەستهێنایەوە. بەم شێوەیە ماوەی 20 ساڵی تەواوە بوتەفلیقە سەرۆکی وڵاتە.

جەزائیر لەو کاتەوەی لە ساڵی 1962وە سەربەخۆیی بەدەستهێناوە تاکو ئێستا دەسەڵات تەنها لای حزبی (بەرەی ئازادی نیشتیمانی) بوە کە لە لایەن کەسانی سەربازییەوە کۆنترۆڵ کراوە و بۆتەفلیقەش بۆ خۆی یەکێك بوە لەو سەرکردە سەربازییانەی شۆڕش و تا ئێستاش بەناو وڵاتێکی دیموکراسیە.

زۆرجار بە توندی دژی ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکان وەستاوەتەوە و بەتایبەتیش (بەرەی ڕزگاری ئیسلامی). لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوودا توندترین ڕووبەڕووبونەوە ڕوویداوە و گەر دەستێوەردانی سوپا و کودەتاکەی نەبوایە لە 1992/12/11 لە هەڵبژاردنی ئەو ساڵانەدا ئەوا (بەرەی ڕزگاری ئیسلامی) هەڵبژاردنیان دەبردەوە و دەسەڵاتیان دەگرتە دەست لە جەزائیردا.

بەڵام ئەمڕۆ سەرجەم جەزائیرییەکان داوای لابردنی بۆتفلیقە دەکەن، کە لە 28 نیسان ویلایەتی چوارەمی تەواو دەبێت، بەڵام پێشنیازی مانەوەی کردوە تا ئەنجامدانی چەند ڕێکارێکی چاکسازی سیاسی و ڕێکخستنی دیالۆگێکی نیشتمانی سەرتاسەری.

## عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە ـ سەرۆکی جەزائیر





| | |
|---|---|
| ناو | عەبدولعەزیز بوتفلیقە |
| لە دایکبوی | 2ی ئازاری ساڵی 1937 لە شاری وجدەی مەغریبی و بە بنەچە ئەمازیغیە |
| زنجیرەی سەرۆکایەتی | دەیەم سەرۆکی جەزائیر لە دروستبونی دەوڵەتەوە و هەشتەم سەرۆك پاش سەربەخۆبوون. |
| کاری سیاسی | یەکێك بوو لە شۆڕشگێڕانی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی و بەشداریکەرێکی کارایی سەربەخۆیی جەزائیر بوو. |
| پۆستەکانی | وەزیری وەرزش و لاوان لە 1963 وەزیری دەرەوە لە 1963 تا 1979/ وەزیری بەرگری لە 2003 سەرۆکی وڵات بۆ ماوەی 20 ساڵی ڕابردوو. |
| بڕوانامە | دکتۆرای فەخری لە زانکۆی پەکین. |

ڕۆژی یەکشەممەی 3-3-2019یش بە فەرمی خۆی وەک کاندیدی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی تۆمار کردەوە و پەیامێکی نووسراویشی لە میدیاکانی وڵاتەکەیدا بڵاو کردەوە. خۆهەڵبژاردنەوەشی لە کاتێک دایە، کە چەند ساڵێکە باری تەندروستی بە تەواوی تێک چوە و بەردەوام بۆ ماوەیەکی درێژ، سەردانی نەخۆشخانەکان دەکات و بە وتەی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، توانای بەڕێوبردنی وڵاتەکەی نەماوە و پێویستە ڕێگە بدات کەسێکی تر ببێتە سەرۆکی وڵات.

لە هەمان کاتدا خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان پێ دەنێنە پێنجەم هەینی، سەرباری بارانی بە لێزمە و کەش و هەوایەکی سارد، کەچی هاوڵاتیان لە پایتەخت و شارەکانی تریش گردبونەوە و بڕیارەکەی سەرۆک ڕەت دەکەنەوە. ئاژانسی ڕۆیتەرز ژمارەی خۆپیشاندەران بە سەدان هەزار کەس مەزندە دەکات. کە چەند دروشمێکیان بەرزکردۆتەوە و ڕەخنەی توندیش لەو سەردانانەی جێگری سەرۆک دەگرن کە بۆ ڕووسیا و ئەڵمانیا و ئیتالیا ئەنجامیان دەدات و هەر دەستتێوەردانێکی بیابانیش بۆ ناو کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەیان بە توندی ئیدانە دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە. لەهەمان کاتدا دوو هەزار ئەندام لە پارتی گردبونەوەی نیشتمانی دیموکراسی، کە سەرۆک وەزیرانی پێشوتر ئەحمەد یەحیا سەرۆکایەتی دەکات، دەستیان لە



**عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە**

ئەندامیەتی ئەو پارتە کێشایەوە وەک پشتیوانیەک بۆ ئەو بزاڤە جەماوەرییەی ئێستا لە ئارادایە. کە خودی پارتەکەی سەرۆک بۆتەفلیقەشە، بەرەی ڕزگاری نیشتمانی، پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو بزاڤە جەماوەریە دەربڕی و داوای دیالۆگیان کرد بۆ ئەوەی وڵات لەو قەیرانە بچێتە دەرەوە کە دوو مانگە درێژەی هەیە. ئەمە لە کاتێکدا سوپاش لە لای خۆیەوە لە بەیاننامەیەکدا ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ دەستبەرکردنی ئاسایش و ڕێگەگرتن لە هەر ئاژاوەیەک بە مەبەستی تێکدانی دۆخی ناو وڵات. لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی بەرگریش، جێگری وەزیر و سەرۆکی ئەرکان ئەحمەد قائید ساڵح، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە وڵات کەوتۆتە سەر لێواری بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی نیشتمانی گرنگ. سوپاش بە باشی درکی بەو ئاڵۆزییە ئەمنیە کردوە، کە هەندێک وڵاتی دەوروبەری جەزائیر لە ڕووی جوگرافیایەوە تێیکەوتوون، هەروەها ڕەهەندەکانی ئەو مەترسی و هەڕەشانەش. ڕونیشی کردەوە، کە وڵاتەکەی بە ئامانج گیراوە، بەهۆی ئەو بارە سەقامگیرە ئاسایشەی چەندین ساڵە دەستەبەر کراوە و گەلیش بە ئاسودەیی دەژیت. بۆیە بە پێویستی دەزانێت کە سوپا وەک پاسەوانێکی دڵسۆز و بە ئاگا، بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان بپارێزێت وەک چۆن لە دەستووردا هاتووە.

لە ئەنجامی ئەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانەی سەرتاسەری جەزائیری گرتەوە، عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە لە 11ی ئاداری 2019دا بڕیاریدا خۆی بۆ گەڕی پێنجەمی سەرۆکایەتی وڵاتەکەی کاندید نەکاتەوە کە وابڕیار بوو لە 18ی مانگی نیساندا ئەنجام بدرێت. هەروەها بەڵێنیدا کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ دانانی پڕۆژەی دەستورێکی نوێ و ئەنجامدانی چاکسازی ساز بکات. ئەو کۆنگرەیە، کە پێویستە هەموو هێزە سیاسییەکان و کەسێتییە کۆمەڵایەتییەکانی جەزائیر تێیدا بەشدار بن، پاشان وادەی هەڵبژاردنی نوێ دیاری بکرێت. زۆرێك لە خۆپیشاندەران، گومانیان بەرانبەر بە بڕیارەکانی بۆتەفلیقە دەربڕی، بۆیە بەردەوامبوون لەسەر داواکاری گۆڕانکاری تەواوەتی و خێرا لە دەسەڵاتی وڵاتەکەدا .بە پێی دەستوری ئێستای وڵاتەکە، ماوەی سەرۆکایەتی چوارەمی بۆتەفلیقە لە 28ی نیسانی 2019 کۆتایی پێدێت.

**سەرچاوە:**

https://www.aljazeera.net/news/

https://www.youm7.com/